نرخی ئاڵوگۆڕی دۆلار لە بازاڕەکانی بەغداد کەمێک دابەزی لە کاتێکدا لە کوردستان جێگیر بووە

ئەمڕۆ چوارشەممە نرخی ئاڵوگۆڕی دۆلاری ئەمریکی لە بازاڕەکانی بەغدادی پایتەختی عێراق کەمێک دابەزی لە کاتێکدا لە هەولێر جێگیر بووە.

نرخی ئاڵوگۆڕی دۆلار کەمێک دابەزیو لێگەڵ داخستنی بەرسەی کیفاح و حارسیە لە بەغداد و بە 152.600 دینار بە هەر 100 دۆلارێک، لە کاتێکدا بەیانی ئەمڕۆ 152.750 دینار بە هەر 100 دۆلارێک تەمارکراوە.

نرخی فرۆشتن لە دوکانەکانی ئاڵوگۆ لە بازاڕە ناوخۆییەکانی بەغدا جێگیر بووە و نرخی فرۆشتنی 153 هەزار و 750 دینار بووە بە هەر 100 دۆلارێک، لە کاتێکدا نرخی کڕین بە هەر 100 دۆلارێک 151 هەزار و 750 دینار بووە.

لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، نرخی دۆلار جێگیر بووە و نرخی فرۆشتن لە دوکانەکانی ئاڵوگۆ گەیشتووەتە 152 هەزار و 700 دینار بە هەر 100 دۆلارێک، لە کاتێکدا نرخی کڕین گەیشتووەتە 152 هەزار و 600 دینار بە هەر 100 دۆلارێک.